# مامۆستا مەلا ئەحمەد

# ئەندازیاری ڕاگەیاندنی ئیسلامیی کوردیی

**عەلی حاجی زەڵمی**



ڕاگەیاندن شێوازێکە لە شێوازەکانی جەنگ، بەڵام ئەم جەنگەیان دوورە لە دەنگی فیشەکو تۆپو تۆپخانە، ئەمە ووتەی توێژەرانی بواری ڕاگەیاندنەو کەناڵو ئامرازەکانیشی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازن، ئەو ڕۆژانەی کە ئەو کەناڵە نوێیانەی ڕاگەیاندن نەبوون، تەنها ڕاگەیاندن وابەستە کرا بوو بۆ چەند هێماو ئاماژەیەکو دواتریش گۆڕانیان بەسەردا هات بۆ ئەوبۆنەو ئاهەنگەکانو لەوێشەوە بۆ میمبەری مزگەوتەکانو لە سەردەمی نوێشدا سەرەڕای مانەوەی هەندێ لەو سەرچاوانە، ئامێرو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە کە خۆی لە کەناڵەکانی بینراوو بیستراودا دەبینێتەوە، یان بە واتایەکی تر ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی، کە هەر یەکێك لەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن کاریگەری تایبەتی خۆیانیان هەیە لەسەر وەرگر . ڕاگەیاندن ئەمڕۆ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر فەلسەفەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بە ڕادەیەك زاراوەی دەسەڵاتی چوارەمی بێ دراوە کە لە دوای دەسەڵاتەکانی یاسادانو جێبەجێ کردنو قەزاییەوە دێت، ڕاگەیاندن بەشێوەیەك کریگەری خۆی لەسەر دەسەڵاتەکان لە زۆرێك وڵاتاندا دروست کردووە کە تا ڕادەیەکی زۆر بڕیارە دیکتاتۆرییەکانی سانسۆر کردووە، چونکە ڕاگەیاندن بەو شێوەیە دەڕوانێتە شتەکانی دەوروبەر، کە وەك شوشەیەکی خاوێنی لێ کردوون کە هیچ کەسو گروپێك نەتوانێت نهێنیەکانی خۆیان لە ناو ئەو شووشەیەدا بشارنەوە، کاری ڕاگەیاندن لە ئەمڕۆدا کورت نەکراوەتەوە سەر ئەوەی کە تەنها بۆ ماوەیەك خۆشی بخاتە سەر دڵو دەروون یان ئامێرو ئەدەواتێك بن کە بۆ کات بەسەربردن سوودیان لێ وەربگیرێت، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لێیان بریتیە لە گەیاندنی پەیامو ئاڕاستەکان، بە مەبەستی

دروستکردنی بیروڕاو چاندنی ئەو بەروبوومەی لە دڵی وەرگردا، کە ڕاگەیاندنکار مەبەستیەتی، توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن چەندین پێناسەیان بۆ ڕاگەیاندن کردووەو بە پێویستی دەزانم کە هەندێك لەو پێناسانە باس بکەم لەوانە : ڕاگەیاندن بریتیە لە بڵاو کردنەوەی ڕاستیو زانیارییە ووردو دروستەکان، بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی هزری خەڵکو دروست کردنی بڕوا لای خەڵکی . یان بە واتایەکی تر بریتیە لە پەخش کردنی ڕاستیەکانو هەواڵو بیروڕاکان لە ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندندا . بە مەبەستی لێ حاڵی بوونو قەناعەت پێهێنانو ڕاکێشانی لایەنگری، لەگەڵ دروستکردنی شارەزاییو هۆشیاری لای وەرگر . لە دوای ئەم پێشەکیە، ئیتر کاتی ئاشکرا کردنی مەبەست هاتووە کە لێرەدا دەمانەوێت توێژینەوەیەکی کورت لە بارەی بەڕێز مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود لە دیدگای کاری ڕاگەیاندندا بکەین بە هەموو کەناڵە جۆراوجۆرەکانیەوە .

مامۆستا ئەحمەد هەر لە ساڵی 1979ەوە کاتێك ڕژێمی بەعس بە هەموو جۆرو شێوازەکانی دڕەندەیی خۆی پەلاماری گەلی کوردو موقەدەساتی ئیسلامیدا، جەنابی مامۆستا لە ڕێگای میمبەری مزگەوتەکانەوە، کەوتە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو شاڵاوەی بەعسیەکان، کە قاودانی سیاسەتە شۆڤینیەکانیان دژ بە کوردو دژ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ووتەکانی جەنابی مامۆستا بە ڕادەیەك کاریگەریان لەسەر بیسەر هەبوو، کە ئەو کەسەی جارێك ئامادەی ووتارەکانی ببوایە، دەیانجار حەزو ئاواتی ئەوە بوو، کە مامۆستا بچێتەوە سەر میمبەرەکەو ووتارێکی تر پێشکەش بکات، هەر ئەم هەنگاو کاریگەریەی ووتەکانی بوونە جێگای نیگەرانی بەعسیەکانو بۆیە هەر لەو ساڵەدا، لە ماڵەکەی خۆیدا، هاشاولێ دڕەندانەی خۆیان بردەسەریو دەستگیریان کردو بۆ ماوەی چەند مانگێك بێ سەروشوێنیان کرد، دواتر بە هەوڵی دۆستو گوشاری جەماوەر ئازاد کرا، لە دوای وێرانکردنی خورماڵ بەهۆی شەڕی ماڵ کاول کاری عێراقو ئێرانەوە، جەنابی مامۆستا ئەحمەد بەڕەحمەت بێت، لە شارۆچکەی سیروان نیشتەجێ بوو، لەگەڵ کاری ڕێکخستنی لاوان بۆ جیهاد لە دژی ڕژێمی بەعس، کەوتە ووتار خوێندنەوە لە مزگەوتی جامیعەی سیروان، ئیتر لاوانو هۆگرانی ووتە بە پێزو ڕاست بێژییەکانی بوونە هۆی کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆر لە شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکەدا، لە دوای ساڵی 1987 جەنابی مامۆستا کاتێك لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمانی موفەسیرو موجاهید بە ڕەحمەت بێ کۆچیان کردو بزووتنەوەی ئیسلامی وەك بزووتنەوەیەکی چەکدار دژ بە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا ڕاگەیەنراو جگە لەوەی مامۆستا لەناو موجاهیداندا ووتاری دەخوێندەوەو هانی موسڵمانانی ئەدا بۆ جیهاد لە دژی بەعس و دامەزراندنی یەکەمین نوسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی وەك قەڵەمێکی بە بڕشو خاوەن بیری ڕووناك لە گۆڤاری دەنگی باوەڕدا کەوتە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانو ڕۆشنکردنەوەی بیری ئیسلامی و فقیهی ئیسلامی بەشێوازێك کە ڕەنگدانەوەی سەردەمو بارودۆخەکە بێت، هەروەها لە دوای ساڵی 1989ەوە بەڕێزی بە زنجیرەیەك ووتار کتێبی ئاشتی لە ئیسلامدا لە گۆڤاری ڕاپەڕیندا بڵاو کردەوە، کە یەکێك بوو لەو گۆڤارانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە دەرەوەی ووڵات بڵاوی دەکردەوە، لە دوای ڕاپەرینیش کاتێك بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا بنکەو بارەگاکانی وەك سەرجەم لایەنەکانی تری کوردستان کردەوە، دواتر هەڵبژاردنە گشتی یەکانی کوردستان هاتنە ئاراوە، بەڕێزی وەك کەسێکی کارامەو ڕەنگ ڕێژی سیاسەتی گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستاندا کۆڕو سمیناری جەماوەری بەرفراوانی ئەنجامداو لەو کۆڕو سیمینارانەدا، بە ڕاشکاوی ئاماژەیدا بەوەی کە پێویستە کورد وەك گەلانی دونیا یان دەبێت خاوەنی دەوڵەت بێت یان دەبێت مافی ویلایەتی (فیدرالیەت) هەبێت وەك مافێکی سروشتی خۆی، لە بەرواری (1992/4/11) کە ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دایك بوو، جارێکیتر قەڵەمی مامۆستا ئەحمەد وەك ڕۆژانی خەباتی شاخ کەوتە نووسینو تا ساڵی 1996 کە خۆی بووە بەرپرسی ڕاگەیاندنی ناوەندی بزووتنەوەی ئیسلامی کە ئەو کات خاوەنی چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن بوو لەوانە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو گۆڤار، لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا بەڕێزی هەفتانە بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەش دەکرد ئیتر جگە لە نووسینی بەیاننامەو ڕاگەیەنراوەکانی مەکتەبی

سیاسی دەر دەكردو هەروەها بڵاوكردنەوەی چەندین فەتوای هاوچەرخ .

لە گۆڤاری جەماوەردا كە خۆی خاوەنی ئمتیازی بوو، هەفتانە لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەوە، دەردەكرا، كە كۆمەڵێك پێنووسی بە تواناو كارامە لەو گۆڤارەدا كاریان دەكرد، مامۆستا بە ڕەحمەت بێت وەك كەسێكی ئەكادیمی چەندین بابەتی لە بواری فیكری ئیسلامی هاوچەرخدا بڵاوكردۆتەوە، لە ساڵی 1999ش كاتێك بەڕێزی لە پۆستی ناوەندی ڕاگەیاندنەوە گوازراوەتەوە، بۆ پۆستی مەكتەبی بانگەوازو ڕێنوێنی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (منارە) كە ئەو كات دەركراوە، كە ئەگەر چاوێكی خێراش بەو گۆڤارەدا بگێرێن ئەوا دەیان بابەتی جۆراوجۆر بەر دیدی خوێنەر دەكەون كە بە پێنووسە بە بڕشتەكەی مامۆستا ئەحمەد نوسراون، مامۆستا ئەحمەد جگە لەوەی وەك نووسەرێكی بە توانا لە ڕاگەیاندنەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا كاری كردووە، چەندین بابەتو فەتوانامەی نوسیوە وەك زنجیرە نامیلكەكانی جیهاد كردنو خواپەرستیو چەندین فەتوای هاوچەرخی داوە وەك نامیلكەی ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامداو ئیسلامو پەرلەمانو هەڵبژاردن، ، گۆرانیو مۆسیقا، چارەنووسی ژنانو ئەوانەی مێردەكانیان چارەنووسیان نادیارە.

كە تا ئەو كات هیچ كەسو لایەنێك نەیدەتوانی خۆی لە قەرەی وەها بابەت گەلێكی حەساس بدات، مامۆستای كۆچ كردوو جگە لەوەی كە خاوەنی ئیمتیازی ئەو گۆڤارانە بووە كە ناومان بردن هەتا ساڵی 2005 خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامیش بووە، جگە لەو هەموو ئەركانەی ڕاگەیاندنیش مامۆستای بەڕێز سەرگەرمی نوسینی تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان بووە، هەروەها كتێبی عەقیدەی ئیسلامی لەسەر ڕێڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعەی نووسیوە بەڵام بە داخەوە كۆچی لە ناكاوی ڕێگای پێ نەدات ئەو كتێبە تەواو بكات، ئەمە جگە لە كتێبێكی سەربەخۆ لەسەر ئافرەتان، ئەوەشمان لە بیر نەچێت، كاتێك كۆمۆنیستە هەتیوەكانی كوردستان، تیروتوانجی ناڕەوایان دەگرتە ئیسلام، مامۆستا بەڕێزچ بە بابەتی زانستی چ بە نامیلكە وەڵامی دەم كوتكەرانەی دەدانەوە، سەرەڕای ئەمانەش مامۆستای بەڕێز لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەلەكترۆنیشدا خاوەنی قەڵەمێكی بوێر بووە، چەندین بابەتی گرنگی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوكردۆتەوە، تا ڕۆژی 2007/1/25 وەك كەسێكی بە ئەزموون، وەك قەڵەمێكی بە ویقار ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەنەخشاند لە بواری تەلەفزیۆنو ڕادیۆشدا وەك ئاماژەمان پێدا هەمیشە دەنگێكی بیستراو بوو، ئەمە جگە لەوەی یەكێك بووە لە وتاربێژە سەركەوتووەكانی كوردستان، گەوهەری كتێبخانەكانی كوردستانیش بووە، هەزاران ڕەحمەت لە گیانی پاكی ئەم شاسوارەی كاروانی قەڵەم وجیهاد.

